

## دزی[فیێڵبازی] و گەندەڵی

## سەرۆک وەزیری پێشوو دادگایی دەکرێت

لەو رۆژانە ئەگەر بە هەڵە نەچووبم شەوی شەممە بوو سەعاتەکەم لە خۆڕا لە چواری بەیانی زەنگی لێیدا و بووە دەنگوباس هەتا دەستم گەیشتە سەری بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەم گووتی : سیلڤیو بەرلوسکونی



{( Silvio Berlusconi ) لە 1936/9/29 لە شاری میلانو لە دایک بووە. سەرۆکوەزیران بووە لە نێوان ساڵانی 1994 ــ 2001 ـ 2006} بە هۆی فێڵکردنی لە [باج دان] دەدرێتە دادگا...ئاخێکم هەڵکێشا و گووتم ئەی کەس هەیە ئەو {گەندەڵبازانەی} لای خۆمان کە هیچ [باج] نادەنە دەوڵەت دەداتە دادگا.

لەو کوردستانە کێ ئەو هەموو کەل و پەلە ئێکسپایەرە[بۆگەن...تێکچوو...خەرابوو] کۆدەکاتەوە و لە [بازرگانەلێپرسراوەکان] یان [لێپرسراوەبازرگانەکان] دەپێچیتەوە و دەدرێنە{دادگای نەبوون...دادگای بێدادوەر}...با دیسان کوردستان جێ بهێڵین و بچینەوە لای ئیتاڵیای یەکان کە بەختیان چەند باشە هەر هەموو رۆژ کارەبا و ئاوی پاک و بەنزینیان هەیە و کەموکوڕی ژیانیان وەکو لای خۆمان نی یە . هەر هەموویان خواردن و کرێ خانوویان هەیە و قوتابخانەش بۆ منداڵەکانیان بە خۆڕای یە ئینجا[ئەوجا]



دادوەرێکی ئیتاڵیا بڕیاری دا سەرۆکوەزیرانی پێشوو[سیلڤیو بەرلوسکونی] بە هۆی {فێڵکردنی /باجدانی کەم} بداتە دادگا. لە ئیتاڵیا ئەوە چوار ساڵە لێکۆڵینەوە دەکرێت دەربارەی ئەو بابەتە {کەواتە ئەو کاتە بەرلوسکونی هەر سەرۆکوەزیریش بووە } لێکۆڵینەوە هەر بەردەوام بووە. دادگا گوێی نەداوە بەوەی سەرۆک وەزیرە. رەنگە دادگا یەکە لە نۆڤەمبەر/تشرینی دووەم بەرێوە بچێ ئەگەر بێت و شتەکی تازە نەیەتە پێش . ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت رەنگە 13 کەس بن و یەکێک لە مانە پارێزەر داڤید میلس }

هاوسەری [مێرد] وەزیری رۆشنبیری ئینگلیستان تیسە جوویل {( Tessa Jowell ) لە لەندەن 1947/9/17 لەدایک بووە}. هەموو حیکایەتەکەش تەنها لەسەر [600000]هەزار دۆلارە {جا نازانم لە کوردستان دەبێتە چەند دەفتەر و چەند بلۆک} بەڵام دەزانم خانووی مەسئول هەیە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک بە میلیۆن دۆلارە[1000000]. پرۆژەی لێپرسراویش هەیە بە میلیون لف و لوول دەدات و زەکاتیش لە دەوڵەت وەردەگرێ ، بۆ نموونە وەزارەتی رۆشەنبیری و وەزارەتخانەکانی تریش ، پوختە و جوان میوانداری خەڵکی دەکات و خەڵک دەژێنی لە میوانخانەکانی شیراتۆن و خانزاد و چوارچرا لە شاری هەولێر و پەلاتس و ئەبو سەنا و ئاشتی لە شاری سلێمانی ، پارەکە زۆر بە هێمنی لە دەوڵەتەوە سپی دەکرێتەوە بۆ گیرفانی {کەسەکان} [ئەوانەی بەناو خاوەنی میوانخانەکانن] و هەر شەوەش لە 100 دۆلار زیاترە. ئەوەی لەو میوانخانانە نەژی واتە میوانی دەرەجە[پلە]دار نی یە و پلە و پایەی زۆری نی یە و نووسەری چاک نی یە ئەگەرنا بۆ ماڵێکی رۆشەنبیری یا بنکەیەکی رۆشەنبیری لەو شارانە نیە یا ناکەنەوە و خەڵک تێیدا بحەسێتەوە و گەشتوگوزاری خۆشی بکات و باسی مەستوورە و باسی هونەر و شانۆ و گۆرانیش بکات. کامە رۆژنامەنووس دەتوانی ناوی ئەو نووسەرانە تۆمار بکات کە لەو میوانخانانە ژیاون و نانیان لەسەر زگی میللەت خواردووە و نۆشیان کردووە . کرێی هەر کەسانە چەند دۆلار بووە. ئەمن خەڵکی دەناسم کە میوانداری لێکراوە و داوایان لێکردووە میوانی تریش بانگ بکات هەر لەسەر لیستی ئەو خواردن و خواردنەوە نۆشکراوە، بەگاڵتە دەڵێن لەسەر {ئەبوشوارب}ە. {برادەرێکم دەیگوت کە فلانەکەس لە فلانە هوتێل دابەزیبوو شەوانە تێرم دەخوارد و دەمخواردەوە ئەویش هەر ئیمزای لەسەر کاغەزان دەکرد هیچ پارەی نەدەدا. کاتێ پرسیاری لێکردووە بۆ لێرە پارە نیە گوتبوی بۆ میوانی دەوڵەت پارە نی یە}. ئەرێ ئەو چەند کۆنگرە و فیستیڤاڵ و کۆبوونەوە و میوانداریانە بە ماوەی چوار ساڵان دەبێتە 600 هەزار دۆلار. ئەگەر ئەوانەی ئیتاڵیا تاوانباربکرێن بە ناوی { پاککردنەوەی پارە [پوول...سەرمایە]} ئەوا هەر یەکە لە 4 ساڵ تا 12 ساڵ زیندانی دەکرێن ، بەڵام بەرلوسکونی بەهۆی {فێڵکردنی باج/ زەکات} شەش ساڵان زیندانی دەکرێت ئەگەر بێت و دادوەر بڕیاری دا کە تاوانبارە. پۆل بلیمەرلەکاتی حوکمرانی دا لە بەغدا گوایە نۆ میلیارد دۆلار[9000000000]ی قووت دا، گوایە قایمەکانی[لیستەکانی وون بووە] دیار نیە ئەگەرنا هەمووی خەرج کردووە و وەزیری بەرگریش ئەوکاتە گوایە هەندەکی بە چەکی کۆن داوە و ئەویش کەمێکی لەو {شەش و نۆ سیفرانە} لوول داوە و هەندێک کوردیش گوایە لەو لیستەی وەزیر بوون و لێیان خواردووە جا کێن ئەمانە با ئۆباڵەکە لەسەر شانی مندا نەبێت و تووشی ناو هێنان نەبم هەتا رۆژی دادگا و دادگا کردنیان دێت .بەڵام بۆ زانیاریتان لە سایت و رۆژنامەکانی دەرەوە و ناوەی عێراق دەیان جار بڵاوکراوەتەوە و ناوان ریز کراون . برادەرێک بە گاڵتە یا بەراستی دەیگوت ئەو کوردانەی لەگەڵ وەزیری بەرگری شەریک بوون دەستیان خۆش بێت پارەی بەغدایە دەدزن خۆ باشترە لەوەی لە

**کوردستان بیدزن ، منیش لە وەڵامدا گووتم دزی هەر دزی یە لە بەغدا ، کەنەدا ، سوێد یا کوردستان بێت.... ئەمن چاک دەزانم رۆژێک لە رۆژان لەو کوردستانەی خۆشمان خەڵکی بە هۆی گەندەڵی و دزی دەدرێتە دادگا، جا با وەزیر و مەزیر و مەسئول و کوڕە لێپرسرا و و نازانم چ بێت.**

**فـەهـد گـردەوانـی2006/7/10ستۆکهۆڵم**